# هەڵەبجە

## کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨

هەورامان عەلی تۆفیق



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ئاراس
زنجیرەی ڕۆشنبیری
خاوەنی ئیمتیاز : شەوکەت شێخ یەزدین
سەنوسەر : بەدران ئەحمەد حەبیب

کتێب : هەڵەبجە ـ کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988
نوسین و ئامادەکردنی : هەورامان علی تۆفیق
بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە ( 29 )
بەرگ : نوسینگەی سێو بۆ کۆمپیوتەر
چاپی یەکەم : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر ـ 2000
لەکتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر
ژمارە ( 86 ) ی ساڵی 2000 دراوەتێ

# پێشەکی

مەرگەسات و کارەساتە وێرانکاریەکان هەمیشە ئالەتێکی بەزەبرو تونددو تیژی دەستی دوژمنانی میللەتەکەمان بوون , بۆ وەڵامدانەوەی هەر هاوارو ناڕەزایی یەک بۆ بەدی هاتنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و بەدیارخستنی چارەنووسی کورد وەک هەر میللەتێکی تری ئەم سەرزەوی یە .

بێ گومان گەلی کوردمان ئەمڕۆ یەکێکە لەو نەتەوە گەورانەی ئەم دونیایە کە هەمیشە مافەکانی پێشێل دەکرێت و داواکاریەکانی زۆر بەتوندی ڕەد دەکرێنەوە , بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت پشت و پەنایی ئەم میللەتە بێت .

بەپێچەوانەوە هەموو دەوڵەتانی ئەم دونیایە چاویان لە ئەرزوو ئاوی ئەم ووڵاتە بەپیتە ناوە و هەریەکە بۆ بەر ژەوەندی تایبەتی خۆیی دەستی بە بارودۆخەکاندا ئاڵاندووە و لەناوچەکەدا بەهەر بیانویەک بێت خۆیان چەسپاندووە .لێرەدا گرنگی باسەکەمان ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیە کە بووە هۆی وروژاندنی هەموو ویژدانێکی زیندووی گێتی و بووە هۆی تۆمارکردنی لاپەڕەیەکی خوێناوی و پڕمەرگەسات , لە لاپەڕە پڕمەینەتیەکانی گەلی کوردمان .

ئەو شارەی بووە هۆی قەدەغەکردنی هەموو چەکێکی کیمیایی و هاندەرێکی هەرە گەورەبوو بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی کێشەکەمان و ناساندنی بەهەموو سوچێکی دونیا , کەواتە دایکە هەڵەبجە وەک هەر شارێکی دێرینی کورد کەخاوەن مێژووی خۆیی وخاوەن شارستانیەت و خەبات و قوربانی دانە لە ڕێگایی پیرۆزی کوردایەتی دا , ئەوەش لەیاد نەکەین کەهەر تەنها هەڵەبجە نەبووە ڕووبەڕووی مەرگەسات و وێرانکاری و ئاوارەبوون بووبێتەوە , بێ گومان ئیبادەکردنی بەکۆمەڵ کەهەموو شێوەکانی بەخۆیەوە دیووەو دژی ئەم میللەتە بێ دەسەڵاتەمان بەکارهاتووە .

لەو کارەساتە ماڵ وێرانکاریانە (قەسابخانەکەی دێی دەکان لەناوچەی شێخان لە 18 ی ئاب ساڵی 1969 ـ سۆریا لە16 ی ئەیلول ساڵی 1969 ـ قەڵادزێ لە 24 ی نیسان ساڵی 1974 ـ کارەساتە دڵتەزێنەکەی ئۆردوگایی زێوێی پەنابەران لە 9 ی حوزەیران ساڵی 1985 , پاشان ئەنفالەکان و بێ سەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی .

کەواتە هەڵەبجەش وەک هەر یەکێک لەوانە کە ڕژێمەکان چاویان لە سەری بووەو هەردەم لە پیلان و فیتنەنانەوە دابوون بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بەزەبری کوشندە لەو خەڵکە دڵسۆزو نیشتمان پەروەرە بکەنەوە بەبێ ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت ئەو تۆڵەکردنەوەیە چۆن بێت و لەچ ڕێگایەکەوە بێت و لەچ کەسێک بێت , کە گومان لەوەشدا نیە ئەو تۆڵەیە بەتەنها لەوە دەکرێتەوە کە ئەم نەتەوەیە بەکوردی دەدوێ و لەسەر خاک وئاوی کوردستان دەژی . ئەو مەرگەساتەش پەڵە هەورێکی ڕەش بوو تەنها بەسەر منداڵان و ئافرەتان و پیرو پەککەوتەکانی ئەم شارە خۆشەویستەماندا تەقییەوە و ئەو لێزمە بارانەی بۆ چەند ساتێک باراند و پێنج

هەزار گیانی پاک و بێگەردی بەرەو ئاسمانی بەرین هەڵفڕاند . هێندە ئاسان نیە بەم شێوەیە بتوانم لەم مەرگەساتە دڵتەزێنە پڕمەینەتیە بدوێم , بەڵام ئەوەندەی پێم دەکرێ و ئەوەندەش لەتوانام دابێت بۆ خزمەت کردن بەم شارە خۆشەویستە و پاداشت دانەوەی کە هەمیشە ئامێزێکی بەوەفا و دڵسۆزی هەموو ڕۆڵەیەکی ئاوارە بووی گەلی کورد بووە .

منیش هەر نەبێ لەم سوچە بچوکەوە بتوانم ئەم پاداشتە بکەمە دیاری و لە کتێب خانە کوردیەکاندا ئەم کتێبەش ببێتە دیاری دەستی ئەو لاوان و ڕۆشنبیرانەی کە بەپەرۆشن هەمیشە مێژووی پڕسەروەری نەتەوەکەیان لە سەرکەوتن ونشێوی و کارەساتەکاندا , خۆیان لە دووتوێ چەند لاپەڕەیەک دا ببیننەوە و کتێب خانە خنجیلانە کوردیەکان دەوڵەمەند بکرێن .بەو ئومێدەشم توانیبێتم بەم بابەتە دڵی هەموو دڵسۆزێکی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید ڕەزامەند بکەم .

berzi_san@web.de

# هەڵەبجەلەڕووی جوگرافی و ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاینیەوە

هەلەبجە ......... وەک شارێکی کوردستانی عێراق , سەرەتایی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ( 160 ) ساڵ .
یەکێکە لە قەزا هەرە کۆنەکانی عێراق , کە بوونی بە قەزا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1922 و یەکەمین قائیم قامی ( ئەحمەد موختار بەگی جاف ) بووە.
لەڕووی زمانەوانیەوە هەڵەبجە زۆر بیروڕای جیاوازی لە سەر هەیە وهەریەکەیان بەشێوەیەک وبەپێ ی بیروبۆچونی خۆیی لەپێکهاتنی ئەم ناوە دەدوێ , (وێنەیەکی کۆنی باخی گشتی هەڵەبجە) لەو بیرو ڕایانە دەڵێن لەناوی (حەلەب) دوە هاتووە کە ئەوکات حەلەب مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە لەشام و بەخۆشی ئەوەوە ئەم ناوەیان لەم شارەش ناوە , چونکە دیسان هەڵەبجە بەپێی هەڵکەوتنی جوگرافیایی زۆر ستراتیجی‌یە لە ڕووی بازرگانی یەوە ولەسەر سنوری (ئێران ــ عێراق)ە لەبیرو ڕاکانی دی دەڵێن ......... بەهۆی باخی هەشت هەڵوژەوە ناونراوە...... هەروەها باس دەکەن کە بەهۆی ناوی کابرایەکی جوولەکەوە کە یەکەمین خانووی تێدا بنیاد ناوە کەناوی ( ئەلبەجە) بووە,کەبێ گومان هەڵەبجە تاپێش ساڵی (1948) و گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل ئەم شارە زیاتر لە 30 خێزانی جوولەکەی لە ئامێز گرتبوو وکەنیسەکیش بۆ یەهودەکان لەم شارەدا هەبوو و گەڕەکێکیش بەناوی (گەڕەکی جولەکان) ناونرابوو کە جولەکەکانی تێدا دەژیا .
هەڵەبجە لەڕووی جوگرافیایی یەوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای عێراق و (260) کم لە پایتەختەوە دوورە و لەسلێمانیەوە (76)کم ە . دانیشتوانی ئەم شارە لەپێش ساڵی 1988 کە ڕێژەی دانیشتوانی خۆیی لە75 تا 80 هەزار کەس دەدا .لە ڕووی ئیداری یەوە چوار ناحیەی هەبوو ( سیروان ــ خورماڵ ــ بیارە ــ سەید سادق ) ... (نەخشەی عێراق و جێگایی هەڵەبجە) ئەم شارە ڕەنگینە بەچەند چیایەکی سەربڵند دەورە دراوە کە لەڕۆژ هەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە چیا سەربڵندەکانی هەورامان بەدیار دەکەون , کە بەرزاییان دەگاتە (5248) م و لەباشوری ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی شنروێ و لە باشوریەوە بالآمبۆ کە بەرزایی دەگاتە (1585) م .
بێ گومان ئەم دیمەنە ڕازاوەیە ئەگەر بەوشێوە هونەریانە لەپێش چاوی خۆتی بنێ ی بەو نێرگزەی شارەزوری , سەوزایی و داروەدرەختەکانی هەورامان وئاوی سازگاری , وەک تابلۆیەک هەموو ئێوارەیەکی زەردەپەڕلێ ی وردبیتەوە واهەست دەکەیت کە هەڵەبجە پاشایەکەو دەشتی شارەزوری وەک کالآیەک پۆشیوە و چیاکانی وەک تاجێکی زێڕین لەسەر سەری ناوەو ڕووبەڕوی هەموو دڕندەیەک وەستاوە .

هەروەها چیا سەرکەشەکانی سۆرێن و نەوەرو شرام و مڵەخوردو ملەقەوی ...... کە هەمیشە جێگای قارەمانیەتی و نەبەردی ڕۆڵەکانی کورد بوون و بەرد بەبەردی ئەم چیایانە داستانی قارەمانیەتیان تۆمارکردوە و بەخوێنی ئەو ڕۆڵە سەربەرزانەی هەموو گوڵ و گوڵزارو درەختی چیاکان ئاودراون .

لەداوێنی ئەم چیایانەدا چەند هاوینە هەوار هەن , کە لەوەرزی بەهارو هاویندا خەڵکی بەپەرۆشەوە لە زۆر لای دوورەوە بۆیان هاتوون و ڕوویان لێ کردووە لەوانە ( ئەحمەد ئاوا ... گولاَن ... بیارە ... تەوێڵە ... زەڵم ... مێشلە ... خورماڵ ... سەرای سبحان ئاغا ... کانی شێخ ... سەرچاوگ ... عەبابەیلێ ... ملەقەوی ... هاوار ... وەزگێل ... سەرکەن ... وەزەنێ ... ) .هەروەها ناوشاری هەڵەبجە لەزۆر گەڕەکی گەورە پێک هاتووە لەوانە کەلە هەموویان پێشتروکۆنترە ئەویش گەڕەکی(پاشایە)وپاشان گەڕەکەکانی (پیرمحمد ـ تەکیە ـ گولاَن ـ مۆردین ـ کانی قولکە ـ سەرا ـ قەسابخانە ـ مامۆستایان ـ جولەکان ـ کانی شێخ ـ تووەوشک ـ شەهیدان ـ کانی عاشقان) هەڵەبجە هەر لەکۆنەوە بەشاری شاعیران و کەسانی خاوەن فکرو هەڵکەوتوو لەڕووی ئەدەبیات و کاروباری ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی یەوە ناسراوە , کەهەمیشە پێشەنگی هەموو شارەکان بووە و ڕۆڵەی لێهاتوو و بەتوانایی لەم بوارانەدا لێ هەڵکەوتووە , لەوناودارانەش ((گۆران ... نالی ... مەولەوی ... ئەحمەد موختار جاف ... تاهیر بەگ ... عادلە خانم ...)) و چەند کەڵە شاعیرو خاوەن فکری تری تێدا بووە و لەم شارەدا ژیاون و کۆچی دواییان کردووە .هەمیشە مزگەوتەکانی دەرگایان لەڕووی زانست وزانیاری وکاروباریئیسلامی یەوە والابوون و جێگای پێ کَەیاندن و دروست کردنی کەسانی شارەزاو لێ هاتووبوون لەزانستی ئیسلامی, بێگومان خەڵکیئەم شارە بەپەرۆشەوە بەرەو پیری چوون. (وێنەی ئەحمەد موختار جاف) ڕۆڵی ئەو گەنجە خاوەن فکرو ڕۆشنبیرانەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون , کەشارەکەیان پێشەنگ بێت و لە بوارەکانی هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و کۆمەڵایەتی و باری ئابوری و ڕامیاریش دا .

ئەمەش وایی کرد لەساڵەکانی 70 کان بۆ ناوەڕاستی 80 کان , ئەم شارە چەند چالاکی هونەری گەورەو بەپێزی پێشکەش بە هونەری کوردی کردوو سەرکەوتنی گەلێ چاکیان بەدەست هێنا و خەڵکی ئەم شارە بەگەورەو بچوکەوە هاندەری ئەو گەنجانە بوون بۆ خزمەتی هونەری کوردی و زیاتر بەرەو پێش بردنی .کەواتە ئەم هەنگاوانە هاندەری تەواوەتی بوون بۆ برەودان بەبوارەکانی تری ڕۆشنبیری و زانستی و پەروەردەکردن و بنیادنان و باری کۆمەڵایەتی و وەرزشی ... هەوڵەکانیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەیان دەسەند , تابتوانن لەکۆمەڵگایی کوردەواریدا جێگا دەستی خۆیان دیاری بکەن و مێژوویێکی پڕ سەروەری لە لاپەڕەزێڕینەکانی خۆیان و شارەکەیاندا تۆمار بکەن .سەرەڕای ئەوەی ئەم شارە لەڕووی کوشتوکاڵی و بازرگانی و سەروەت وسامانی گیاندارییەوە دووبارە دەزگایەکی بەرهەم هێنەری هەرەگەورەی وڵات بووەو لەم ڕووەوە زۆریش بەرهەمەکانی ناسراون و لەبازاڕەکاندا بەرهەمێنن , دەوڵەمەندی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ پیتی دەشتی شارەزورو بەرووبوومی چیاکانی هەورامان .

هەر بۆیە بووە هۆیەکی بەرهەم هێنانی گەورەو بەشێوەیەک کەدەیتوانی بۆ بەڕێوەبردنی بژێوی دانیشتوانی پشت بەبەرهەمەکانی خۆیی ببەستێ و پاشانیش بەرهەمەزیادەکانی ڕەوانەی بازاڕەکانی (سلێمانی ـ کرکوک ـ موسڵ و شارەکانی دی عێراقی بکات .
هەر ئەم هۆیانەش وای دەکرد لەدوژمنان و داگیرکەران بۆ ئەوەی ئەم شارە خنجیلانەیە بکەنە جێگایی شەڕوو ئاژاوە بۆ ئەوەی بەئارەزوی خۆیان , دەست بەسەر سەروەت و سامانی دابگرن , ئەو بەرووبومانەی کەبەبەرهەم دەهاتن زیاترینیان بریتی بوون لە ( گەنم و جۆو تووتن و لۆکە ) . هەروەها لەم سالانەی دواى دا پێش ڕاپەڕین حکومەتی عێراقی هەستا بە تاقیکردنەوەی ناشتنی چەوەندەر بۆ دروست کردنی شەکر, وەلە سەدا هەشتا لەتاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتوو بوو , هەر بۆیە حکومەتی یابانی هەوڵی دا کەلەگەڵ حکومەتی عێراقی پەرە بەو تاقیکردنەوەیە بدات , تابتوانێ سودی تەواوی لێ وەربگیرێ , لەهەمان کات دا بەرهەمەکانی (برنج و پەتاتەو چاو گوڵەبەڕۆژە) هەبوون .لەبەروبومی میوەدا دیسان بەروبومێکی زۆرو چاکی لێ بەرهەم دەهێنرا لەوانە ( شوتی , کاڵەک , هەنار , ترێ , هەنجیرو هەڵوژەو توو خەیارو ئەو میوانەی دی چیاکانی هەورامان کەبەشێوەیەکی فراوان دەکەوتنە بازاڕەکانەوە .
لەدێرەکانی پێشوومان‌دا بەکورتی لە ڕووی ئاینیەوە کەمێک دواین , بەلام دەمەوێ بەشێوەیەکی ڕونتر لەم لایەنەوە بنووسم , چونکە ڕۆڵی بەرچاوی ئەم شارە لە زانستە ئاینیەکان و بەتایبەت ئاینی ئیسلامی و ئەو کەسە پایە بەرزو پیرۆزانەی تێدا بەم زانستە پەروەردەبوون دیارن .
کەواتە دەڵێم ئەم ناوچەیە هەمیشە پێشەنگ بووە و بەشێوەیەکی بەربڵاو ئاینی ئیسلام دوای سەر هەڵدانی تەشەنەی کردوو, چەندین زانایی ئاینی و پسپۆر لەم بووارەدا پەروەردەبوون و وەک قوتابخانەیەک نەوە لەدوای نەوە یان پێگەیاندووە , لەهەمان کات دا دەرگایەکی هەمیشە کراوە بووە بۆ چارەسەر کردن و بەتەنگەوە هاتنی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت و ئەوانی تووشی کێشەو گیروگفت بوون وداوای هاوکاری و دەستی یارمەتییان کردووە .هەروەها ڕێگایی نەقشەبەندی کەیەکێکە لەو ڕێگا بەرزوو پیرۆزانەی ئیسلام بۆ (تەسەووف) کەئێستا لە زۆربەی دونیای ئیسلامدا ئەم ڕێگایەیان لاپەسەندە وپەیڕەوی دەکرێت, ئەم ڕێڕەوە لە وولاتی شام 1822ی میلادی ڕەگی داکوتی .لەهەمان کات دا گەیشتنی ڕێڕەوی نەقشەبەندی بۆ کوردستانی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی(سەدەی نۆزدە ) کەدەتوانرێ بووترێ شێخ مەولانا خالید بە یەکەم کەس دائەنرێ کەڕێبازی نەقشەبەندی بڵاوکردبێتەوە و لەم پێناوەدا ڕۆڵی دیاری هەبووە و خەڵکی زۆری ئاینی لە خۆیی کۆکردوەتەوە . ئەم ڕێبازە زۆر بەزوویی لە کوردستانی عێراق تەشەنەی کردوو لەزۆربەی شارو شارۆچکەو دێهاتەکان , مزگەوت وتەکیەو خانەقایی بۆ کرایەوە و دەست کرابە قوتابی دروست کردن و بنەمادانان بۆ ئەم ڕێبازە و بەباشی سەرکەوتوو بوو .
حەزرەتی شێخ عسمان کوڕی شێخ خالید کوڕی محمود ئاغا کەنازناوی (سراج الدین یەکەم) ی هەیە, بەڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر ئیمام حسێن خوا لێ ی ڕازی بێت, لەساڵی 1195 کۆچی

لەگوندی تەوێڵە لەدایک بووە. ئەم بەڕێزە دادەنرێت بەیەکەم کەس لەنزیک ترین و گەورەترین خەلیفەکانی شێخ مەولانا خالید و هەر لە منالی یەوە بەپاکی و ڕاستگۆیی و خواپەرستی ناسراوە , تاگەیشتە پلەی (قلب) و زۆرخەڵک لەڕێگای ئەم پیاوە بەرزەوە سوودیان وەرگرت و لە 1295 ی کۆچی و هەر لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردوو , بەخاک سپێردرا .

دوای خۆیی زۆر خەلیفەی بەجێ هێشت و لەوانەش (شێخ محمد بهاالدین) ی کوڕی , کەتا ئێستاش ڕێبازی نەقشەبەندی بەهۆی نەوەکانیەوە بەردەوامە.دوای شێخ محمد بهاالدین ـ شێخ عسمان سراج الدین ی دووەم کە لەساڵی 1896 ی ز لەدایک بووە , بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵ ڕێڕەوی ئەم ڕێبازە بەردەوام بووە و توانیویەتی بە سەرکەوتووی ئەم ڕێبازە بەڕێوەبەرێت .ئەم بەڕێزە هەستاوە بە ئاوەدان کردنەوەی مەزارگای باوباپیرانی لە بیارەو تەوێڵە و کردنەوەی چەندەها تەکیەو خانەقا لە زۆربەی شارەکانی تری کوردستان و لە ساڵی 1997 لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوای کردوو لەوێش بەخاک سپێردرا .

ئەم بەڕێزانەش لە بەڕێوەبردنی ڕێبازی نەقشەبەندی و ئاینی ئیسلام ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە ... ( شێخ عمر زیاالدین کوڕی سێ هەمی شێخ عسمان سراج الدین ـ شێخ محمد علی حسام الدین کوڕی شێخ محمد بهاالدین , لە کوڕەکانی (شێخ محمد , شێخ عسمان , شێخ معتەسەم , شێخ ڕاغب ) ـ شێخ محمد علاالدین کوڕی شێخ عمر زیاالدین ) .

هەروەها بنەماڵەی مفتی هەڵەبجە کەوا ئەوانیش دیسان لە پێناو ئاینی ئیسلام داو , لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەرە بەرچاو و دیاریان هەبووە , کە(مامۆستا شێخ محسن ی مفتی) ئێستا سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە . ئەوانیش حەزرەتی (شێخ عبدللّە) ی خەرپانی سەرچاوەی کەسایەتی ناوداری زانستی و ئاینی ناوچەکە بووە .

لەو بەڕێزانەش کەڕۆڵی بەرچاویان هەبووە ( مامۆستا شێخ محمود مفتی ـ شێخ موستەفا مفتی ـ شێخ خالید مفتی ـ شێخ ئەحمەد مفتی ـ شێخ جەمیل مفتی ـ مامۆستا شێخ نورالدین مفتی ـ شێخ سەعیدی مفتی ) .

بەم پێ یە هەڵەبجە لەڕووی شارستانیەتەوە زۆر بەپەلە بووە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە تا بتوانێ لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکانی سەردەم بگۆڕێت و خۆیی بگونجێنێ و لە دواکەوتن خۆیی ڕزگار بکات ...... ئەمەش وای لەم شارە ئازیزە کردبوو کە لەدێر زەمانەوە بووەتە مەڵبەندێکی گەورەیی ململانێ و زۆران بازی هێزەکانی ناوچەو دەورووبەری , لە ڕۆژ ئاواو ڕۆژ هەڵاتیەوە , هەردەم ماڵ کاولی و سەرگەردانی و ئاوارەبوون و کوشتن و بڕینی لێ نەبڕاوە , بەڵام بێ وەستان لەگەڵ ئەم هەموو کۆسپانە لەخەباتی خۆیی بەرەو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی شارستانی و بنیادنانەوەی بنەماکانی نەوەستاوە . لەڕووی کۆمەڵایەتی یەوە خەڵکی ئەم شارەو دەورووبەری هەمیشە لە داب ونەریتی کۆنی کوردەواری لایان نەداوە و هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی دابوون , بەردەوام هەڵەبجە جێگای حەوانەوە و پەنادانی ئەو کەسانە بووە کە لە دژی زوڵم و زۆرداری هەڵهاتوون و ڕویان تێ کردووە و هەمیشە ڕێزیان لێ گیراوە , بە شێوەیەک هەردەم کەسانی غەیری شارەکەیان بەحورمەتەوە سەیرکراون و بەپەرۆشەوە بوون بۆ دڵنەوایی کردنیان و پاشان هەستی کوردایەتی و پاراستنی دابوو نەریتی

باوباپیرانیان لە لەبەرکردنی جلوبەرگ و خواردن و خزمەتکردنی میوان و هاوکاری هاوزمانی خۆیی و بەتەنگەوە چونی , جێگای شانازی بووە بۆ خەڵکی ئەم شارە .نمونەیەک بۆ بەئەمەکی خەڵکی ئەم شارە لە پاراستنی ڕەسەنایەتی گەلەکەیان لە ساڵەکانی (85 ـ 86 ـ 87 ـ 88 ) ڕژێم بەتەواوی زۆری بۆ هەموو قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەییەکان هێنابوو کە دەبێ قوتابیان بە جلوبەرگی کوردییەوە دەوام نەکەن , بەڵام قوتابیان ئەم داواو بڕیارەیان بەتەواوی ڕەد دەکردەوەو زۆر بەتوندی دژی وەستان , هەرچەندە لەم جۆرە بڕیارانە ئەگەر لە ڕێگای داسەپاندنەوە نەبێت پێم وایە هەر میللەتێک بێجگە لە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیی ئاسایی یە جلوبەرگی دی بپۆشێت , بێ گومان ڕژێم هەمیشە ویستویەتی ئەم کارەی بە زۆری زۆرداری داسەپێنێ , بۆیە ئەو قوتابیە خوێن گەرمە کورد پەروەرانە ئەو دەرفەتەیان نەڕەخساندو ڕێگایان نەدا بەسڕینەوەی دابوو نەریتی ڕەسەنی کوردەواری , ئەو بڕیارەش تەنها لە هەڵەبجە نەتوانرا جێ بەجێ بکرێت , کە ئەو کات بۆ خۆم قوتابی بووم لە ئامادەیی (ئەحمد موختار جاف) لە ساڵی 86 بۆ 87 , کە من لەسلێمانیەوە هاتبووم ولە قوتابخانەکانی سلێمانی قەدەغەبووبە جلوبەرگی کوردییەوە دەوام کردن , بەو پێ یە لەو قوتابخانەیەدا هەموو چەند قوتابییەک بووین بە جلوبەرگی کوردیەوە دەوامما‌ن نەدەکرد ......ئەمەش نمونەیەکی سادەیە لەو کارە مەردانەیەی خەڵکی ئەم ناوچەیە , کە هەموو کات بەگیان لە هەوڵ دابوون بۆ پاراستنی کەسایەتی کورد و هێشتنەوەی بەو شێوەیەیی کە بۆیان بە جێ ماوە .ئەوەش بۆ ماوەی ساڵێک بەخۆم ئەو ڕاستیانەم دی و تیایاندا ژیام.

لە ڕووی ڕامیاریەوە , هەڵەبجە هەردەم پێشڕەوی هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووە و هەردەم ڕوو بەڕووی گشت زوڵم و زۆرداریەکان وەستاوە و ڕێگای نەداوە پلانە گڵاوو کورد کوژیەکان جێ ی خۆیان بگرن.

هێندەی خەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری بە کارو کاسپی و بژێوی ژیانی خۆیانەوە خەریک بوون , بە هەمان شێوە بەبێ دریغیکردن لە پێناو بە دیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردا لە جموجوڵدابوون .

دانیشتوانی کەم تەرخەم نەبوون , ئەگەر هەر ماڵێک یەکێکیان بە چیاوە نەبوو بێت و چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لە شان نەبوو بێت , ئەوا لەناو شاردا لە خزمەتی هێزەکانی پێشمەرگەدابوون و هەموو شەوێ ئەو خەڵکە وەک پێشمەرگەیەکی بەوەفا ئەرکە نەتەوایەتی یەکانی سەرشانیان بە ئەنجام گەیاندوە . هەمیشەش لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا بوونەتە پێشەنگ و جێ دەستیان بە دیاربووە , لەوانە (1947 بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی گەلێ بەرفراوان دژی پەیمانی ـ پورت سیمۆن ـ کەزۆر بەتوندی بەرپەرجی ئەم پەیماننامەیان داوەتەوە .هەروەها ساڵی 1954 کاتێک کە مەلیک فەیسەڵی دووەم هەڵبژاردنێکی نایاسایی ئەنجام دا خەڵکی هەڵەبجە بەڕاشکاوی دەنگی ناڕەزاییان بڵند کردووەو ڕاپەڕینێکیان سازداو داوای دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنی یاساییان لە حکومەتی پاشایەتی ئەو کاتە کردەوە . ساڵی 1955 جارێکی تر هەستان بەسازدانی ڕاپەڕینێکی بەرفراوان لەدژی (پەیمانی بەغداد) بێ گومان لەم ڕاپەڕینانەدا خەڵکی کەوتوونەتە بەرهێرشی زەبرو زەنگی فەرمانڕەوایانی ئەم سەردەمە .

له ساڵی 1961 وه بۆ ساڵەکانی 70 کان واتە لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی مەزن , ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان جێگایی فەرمانڕەوایەتی هێزەکانی پێشمەرگەبوون و لە چیاو دەشتوو خاکیەوە هێرش کراوەتە سەر بنکەکانی دوژمن , ماڵان و دانیشتوانی لە خزمەتی ئەو کەسە شۆڕشگێڕو تێکۆشەرانەدابوون .هەروەها چەندین کەسانی خاوەن فکری سیاسی وسەربازی کەڕۆڵی‌سەرەکیان لەبرەودان بە شۆڕشەکان هەبووەو لەو شۆڕشگێڕانە بوونەتە قوربانی و پلەی بەرزی شەهادەتیان پێ بەخشراوە .

له 1974/4/26 ئەم شارە زۆر بەسەختی لە لایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە کەوتە بەر هێرشی بۆمباباران کردن , کە دیاردەی رق وکینەی دەزگاکانی ڕژێم بەرامبەر دانیشتوانی شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەری , بەڵام هەرکاتێک ئەم هێرشانە کرابێتە سەری , خەڵکی بێ تاوان لە منداڵ و ئافرەت و پەککەوتە بەولاوە کەس نەبووەتە کۆچی قوربانی . لەم هێرشە دڕندانەیەدا 100 کەس کوژراوو بریندار هەبوون , لەو شەهیدە ناسراوانەش (هاواری نوری حەلاو ــ جەمالی وەستا ــ کەمال هاواری ) , بێ گومان وەک ڕۆڵی دیارو بەرچاوی شۆڕشگێڕانەو کورد پەروەرانەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە , لە سنوری چالاکی ناوچەکانی سلێمانی دا بۆ یەکەم جار دوای نسکۆی ساڵی 1975 خەڵکی کورد پەروەری هەڵەبجە بۆ جارێکی دی دووبارە دەستیان دایەوە چەک و شان بەشانی هەڤاڵانی تریان چیاکانی هەورامان و سورێنیان کردەوە جێگای خەبات و تێکۆشان , کردیانەوە بە بانگەوازێک بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازی 1976 . لەمەبەستە گڵاوەکانی ڕژێم بۆ ڕزگاربوون لە جموجوڵی شۆڕشگێڕانەی ئەم ناوچەیە ئەوە بوو هەستا بە ڕاگواستنەوەی هەموو دێهاتەکانی سەر سنوری بۆ شارەکان و کردنەوەی ئۆردوگایی زۆرەملێ بۆ دانیشتوانیان لەوانە لە خورماڵ و ئۆردوگایی زەمەقی و چەند جێگایەکی دی .

بەڵام دیسان ئەمەش دادی ڕژێمەکانی نەداو خەڵکی بێ وچان لە چالاکی و جموجوڵی سیاسیان بەبێ ماندو بوون بەردەوام دەبوون و پلانانە ڕایان نەدەوەستانن . لەساڵی 1982 دا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کوردستان و بە تایبەتی شاری سلێمانی ڕاپەڕینێکی بەرفراوانی بەخۆیەوە دی کەئەوکاتە بۆ هاودەنگی ئەم شارە ڕاپەڕیوە هەڵەبجەش بێ دەنگ نەبوو, دەستی دایە ڕاپەڕین و ناڕەزایی دەربڕین .سەرەڕای زەبرو زەنگی دەزگاکانی ڕژێم , ئەم ناوچەیە بەهۆی بوونی شەڕی عێراق ــ ئێران بەو پێ یەیی کە شارێکی سەرسنوری یە هەمیشە لەبەردەم تۆپ و تانکی هێرشەکانی حکومەتی ئێرانیش دا بووە .بەبەردەوامی لە دوای ساڵەکانی 1983 وە تا کیمیاباران کردنی ئەم شارە , لە تۆپ باران کردن بێ بەش نەبووە , لەم ڕێگایەش دا چەند هەزارەها کەسی بێ تاوان بوونە قوربانی شەڕەکانی هەشت ساڵەی عێراق ــ ئێران , چەندین ماڵ کاول بوون و خەڵکەکانیان وێڵ و سەرگەردان بوون , سەخت ترین تۆپ باران کە بە ڕاجیمەوبەشێوەیەکی زۆرسەخت ئەم شارە تۆپ باران کراوگیشتە ئەوەی کەدانیشتوانی هەڵەبجە ناچاری ئەوە بوون کەشار بەجێ بهێڵن و ڕوبکەنە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی تری تائەوکاتەی بارو دۆخەکان هێور دەبنەوەو تۆپ باران و هێرشەکانی ئێران کەم دەبنەوە .هەروەها لە شارۆچکەی سیروان و لە یەکێک لە قوتابخانەکانی کە چەندین لەو ماڵە ئاوارەبوانە خۆیان

تێدا حەشاردابوو , لە وێدا نیشتەجێ بوون , هەر لەو هێرشە دڕندانـەی تۆپـخانەکانی ڕژێمـی ئێرانی بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە 250 کەس, تەنها لەوقوتابخانەیە......... ئەم کارەساتەش بەماوەیەک پێش ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1987 ڕووی دا.ئەو ڕاپەڕینەی کە لـە1987/5/13 دابـوو کەسەلماندی ڕۆڵەکانی ئەم شارە دوای هەموو زەبرو زەنگێک هێشتا ماون و لەسەر خواسـت و داواکانی خۆیان هەر بەردەوامن . خـەڵکی ئـەو ڕۆژە بەپەرۆشـەوە ڕویـان دەکـردە شـەقام و کۆڵانەکانی هەڵەبجە و دەستیان دەدایە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و لـە چەنـد لایەکـەوە دەنگی گوللە بەرز بووەوە و ڕووکرایە دەزگاکانی ڕژێم , ئەو ڕاپەڕینە بە شـێوەیەکی بـەرفراوان شاری هەڵەبجەی گرتەوە و بەتەواوی ترسی خستە دڵی پیاوانی ڕژێم , چونکە تورەیی و دەنگـی ناڕەزایی ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە زۆر لەوە گەورەترو بەهێز تربوو کەسەیر دەکرا , هـەر بۆیـە ڕژێـم بەپەلە هانایی بردە بەر هێزە سەربازیەکانی, بەهاوکاری دارو دەستەکانی
کەوتنە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە . چەند لاوێکیش شەهید بوون و چەنـدین کەسـیش زۆر بـە سەختی بریندار‌بوون و بە سەدان کەسیش کەوتنە بەر شالاوی دەست گیربوون .
بەڵام ڕژێم دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە , کەوا پێ دەچوو دانیشتوانی ئەم شارەو خـەڵکی ڕاپەڕیوو چاوەڕوانی هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگەبوون لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە شارەکانی تری کوردستان , بەڵام بەداخەوە کەسێک بەهانای ئەم خەڵکەوە نەهات و ڕاپەڕینەکە کپ کرایەوە, دەزگاکانی ڕژێم بۆ تۆڵە سەندنەوە زۆر بە دڕندانە دەستیان دایـە کـاول کردنـی گەڕەکی ( کانی عاشقان ) کە زیاتر لە 450 ماڵی تێدا وێران کردوو , خەڵکەکانیان سەرگەردان بوون و بێ لانە مانەوە .هەر لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە و بەچەند ڕۆژێک خەڵکی ڕاپـەڕیوو دەسـتیان کـردە کۆڕەو ڕوویان لە چیاکانی کوردستان کردوو ئەو ژیانـە دەستبەسـەریەیان پـێ قبـوڵ نـەکرا , بەکۆمەڵ شەوان بەسەدان خێزان ڕوویان لە چیاکان دەناو دەچوونـە ناوچـە ڕزگارکراوکانـەوە , دوای ئەوەی ماوەیەک پشویان دەداو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە پێشوازیان لـێ دەکـرا و پاشان ڕەوانەی ئەودیوی سنور دەکران و لە لایەن حکومـەتی ئێرانـەوە پێشـوازی دەکـران و خواردنیان دەدرایە و سواری پاس دەکران و دەیان ناردن بۆ شاری مەریوان .
بەڵام ئەوکات شاری مەریوان بەهۆی تۆپ بارانی هێزەکانی عێراقی و فڕۆکەکان یەوە , بەتەواوی چۆڵ بوو بوو لە دانیشتوانی و کەس تێیدا نەدەژیا . ئەو خەڵکە کۆچ کردوەیان ڕەوانەی قوتابخانە چۆڵەکانی شاری مەریوان کردوو بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک ئەو خەڵکە وەک دەست بەسەر لەو شارە چۆڵەدا مانەوە , تاگەیشتە ئەو ڕادەی ناچار بوون لەوێش دەنگی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو هەڵوێستەی حکومەتی ئێرانی ڕابگەیەنن و ئەم جۆرە ڕەفتارانە ڕەت بکرینەوە, کە هیچ مۆرکێکی مرۆڤایەتی پێوە دیار نەبوو, دەوڵەتی ئێرانی زۆر بەپەلە کەوتە دروست کردنی دوو ئۆردوگا بۆ ئەو چەند هەزار خەڵکە لە ((دەربەند دزڵی ــ بارام ئاوا )) کە پێیان دەوترا ئۆردوگای دەربەند دزلی و ئۆردوگای بارام ئاوا , پاشان کەوتنە گواستنەوەی ئەو خەڵکە بۆ هەردوو ئۆردوگا .لێرەدا لەسەر ئەم باسە دەوەستم , چونکە ڕۆژگارو کارەسات و مەینەتیەکانی و چۆنیەتی گونجان لەگەڵ ئەم دونیایەدا , پێویستیان بەوە هەیە زۆر لە ئێستا ورد تروو زیاتر چوونە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکان و شیکردنەوەی هەمەلایەنیی کێشەکان تابتوانرێ

ئەم بابەتە بەپێزە لە دوو تۆی کتێبێکی گەورەو فراواندا پێشکەش بە خوێنەری خۆشەویست بکرێت و تا سوودی تەواوی لێ وەربگیرێ ، بەڵام ئەوەی مەبەستی من بێت دەرخستنی ئەو مەینەتی و کارەساتانەی تووشی خەڵکی ئەم شارە شۆڕشگێڕە بوون و بەتایبەت ئەو کارەساتەی کە بووە هۆی وروژاندنی هەموو دونیا ، بۆیە دەبێ بۆ یاد نەکردن و هێشتنەوەی لە سەر لاپەڕەیی ڕووداوەکانی ئەم جۆرە کارەساتانە ، وەک کتێبێک لە بەردەستماندا بن ، بەم جۆرە لاپەڕەکانی مێژوومان پڕدەبنەوە و ڕۆڵەکانی ئایندەمان سوودیان لێ وەردەگرن . لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی کە کوردستان پەیتا پەیتا بە خۆیەوە دەی دی و بەتایبەتی ناوچەی هەڵەبجەو دەوروبەری ، لەگەڵ ئەو شەڕەی نێوان ئێران ــ عێراق و بوونی کوردستان بە سووتەمەنی نێوان هەردوو دەوڵەتی بەشەڕ هاتوو ، پاش ئەو نەهامەتی و دەردی سەریی وئاوارەییە ئەوەندەی پێ نەچوو لەهێمنی و ئارامی دانیشتوانی ئەم ناوچە پڕمەینەتی یەوە دیسان ڕووتێ کـردنەوەی نەهامەتـی، بەڵام ئـەم جـارەیـان مەرگەسات و ماڵ وێرانکاری یەکجاری بوو . لەگەڵ جارەکانی دی زۆر جیاوازی هەبوو .ئەم جارەیان واوەیلا و هاواری ئەم خەڵکە گەیشتە گوێی هەموو دونیا و هەڵەبجە بووە ووشەیەک بەسەر زاری ئەوانەی کە هەرگیز نەیان دەزانی گەلێک هەیە بەناوی کورد و هەمیشە لە مەینەتی ئەم ژیانەدا دەژی .ئەم باسەمان لێرە دا کۆتایی پێ دێنین ، چونکە دەمانەوێ بڕگەی کیمیاباران وچۆنیەتی ڕوودانی ئەو کارەساتە و چارەنووسی ئەو خەڵکە لەو مەرگەساتە بە شێوەیەکی بڵاوترو فراوانتر تۆماربکەم بۆ ئەوەی بتوانم هێندەی گرنگی ڕووداوەکە گرنگی پێ بدەم .کەواتە ئەوەندەی پێم کرابێ سەبارەت بە هەڵەبجەو پێکهاتەکانی ژیانی ئەم شارە و دانیشتوانی و ڕووداوە مێژوویەکانی بەم شێوەیە کەمێک بەخێرایی و بەپەلە ئاوڕێک لەو لاپەڕە داخراوو تۆز لەسەر نیشتوانە بدەینەوە ، تا هەرنەبێت کەمێک خوێنەرانمان ئاشنا بکەین و دواتر ئەم شارە هەمیشە بەزیندوی لە دڵی هەموو مرۆڤ دۆستێک دا بهێڵینەوە .

## ناوچەکانی هەورامان و

## پەیوەندیان بەم کارەساتەوە

### لێدوانێك لەسەر ناوچەی هەورامان , لەڕووی ڕامیاری و کۆمەلأیەتی و ئابوری و هەڵکەوتووی ناوچەییەوە

**بەوشێوەی کەزمانی کوردی خۆیی لە سێ لەهجەی (Dialekt) جودا دەدات کە ((کرمانجی ــ سۆرانی ــ هەورامی)) هەیە .**

**زۆربەی ناوچەکانی ئەم شارە بریتین لە گوندەکانی هەورامان , کە ناوچەی هەورامان بەپێی ئەو دابەش کردنانەی کە دوژمنانی کورد پیادەیان کردووە , هەورامان کراوەتە دوو بەش , بەشی هەرە زۆری کەوتووەتە دیوی ئێران , کە ناوچەکانی , پاوە ــ دزڵی ــ شۆشمێ ــ زاوەر ــ نەوسود ــ جوانرۆ ــ هەورامانی تەخت و چەندین جێگا و گوندی دی دەگرێتەوە .**
**بەوپێ یە ناوچەکانی هەورامان لە ڕۆژهەلاتیەوە شاری سنەیە و لە ڕۆژئاوایەوە دەشتی شارەزورە , لای سەرەوەی شاری مەریوانە لە ئێران و لای خواروی شاری جوانرۆیە .**
**ئەو دێ هاتانەی کە دەکەونە ئەم ناوچەیەوە خۆیان لە (168) گوند دەدەن و زۆر بەیان دەبنە شارو شارۆچکە لە وانە (( پاوە , بیارە , تەوێڵە , نودشە , نەوسود , بێساران , پایگەلان , دزلی , دورو ,هەورامانی تەخت , ڕەزاو , ژاوەرۆ , شوشمێ , گولێپ , دەرەی کێ , خەرپانی , و هتد......)) بێ گومان ئەم چەند نمونەیە بۆ ناوبردنی ئەو چەند شارە خنجیلانە مەبەست تەنها ئاشنا بوونی خوێنەرە بەناوەکانیان , چونکە بردن و نووسینی ناوی168دێ پێم وایەکاتی زۆری دەوێ وبۆ ئێستەی باسەکەمان گونجاونیە.**
**تەنها لە ناوچەکانی هەورامان بە شێوەزاری هەورامی نادوێن بەڵکو (زەنگەنەی ناوچەی لەیلان ــ شەبەکی ناوچەی موسڵ ــ باجەلانی ناوچەی خانەقین ــ لەگەڵ کاکەییەکان لە ناوچەی کەرکوک ) ئەمانە هەموویان دەچنەوە سەر لەهجەی هەورامی , هەرچەندە بەتەواوی قسەکانیان لەیەک ناچێت , ئەویش دەگەڕێتەوە هۆی ئەو دابڕان و دورکەوتنەوەی کە هەیانە و , دوری ناوچەکانیشیان لەیەک و کارکردنە سەر زمانەکان لە لایەن دەوروبەرەکانیانەوە.بەلأم بەشێوەیەکی زۆر باش دەتوانن پێکەوە قسە بکەن و لەیەکتر بگەن .**
**ناوچەکانی هەورامان بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بە دوو بەشەوە :**
**1 ــ هەورامانی تەخت .........**
**ئەم ناوچانەی هەورامانی تەخت دەکەونە دیوی ئێران ,**
**لە لایەن (نادرسان کوڕی ڕۆستەم و پاشان کوڕی بارام**
**کە ناسراوە بە هەسەن سانی ) فەرمانڕەوایەتی لەم**
**ناوچەیە دا بەڕێوە چووە .**

2 ـ هەورامانــی لهۆن .........

ئەم ناوچەیەش دیوی عێراق و بەشێکی ئێران دەگرێتەوە

کە لە لایەن (عوسمان سان) دوە فەرمانڕەوایی کراوە .

بێ گومان هەردوو فەرمانڕەوایەتی لە ناوچەکانی هەورامان دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەک نەژاد کــە ( بەهمەن کوڕی ئەسفەندیارە ) .

حەمە سەعید سان , کە دەبێتە کوڕی عوسمان سان لەگەڵ عبدالرحمن بەگی کوڕی , لــە قــەڵای جوانڕۆ بە دەستی (شرف الملک) کوژراون . پاش ئەوان (ڕۆستەم) دەبێتــە ســانی هــەورامان و پاش ئەو (حەمە ساڵح) و دواتر (جعفر سلتان) بووە سانی هەورامانی لهۆن .

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەسەردەمەکانی پێش ئاینی ئیسلام ئیسلام بۆ خۆیــان پــەیڕەویان لەســەر ئاینی پیرشالیاری زەردەشتی بووە , کە کتێبی ئاینی و ئاسمــانی ئــەوکات بــووە , بــە نــاوی ( ئاوێستا ) و بە شێوە زمانی هەورامی کۆن نووسراوە و پــەیڕەوی لەســەر کــراوە , هــەروەها نزیکەی (1380) ساڵ لەمەو پێش ئەو هۆنراوانەی کە لای جێشانەی سلێمانیەوە دۆزراونەتەوە و لەسەر پێستی ئاسک نووسراون , لەو ڕووداوانە دەدوێن کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیســلام لە ناوچەکە ڕوویانداوە , لەوە دەدوێن کە ئەوکات هێزێکــی پــێنج هــەزار کەســی ڕوویــان لــە ناوچەکانی کوردستان ناوەو بەتایبەت لە ناوچــەکانی هەڵەبجــەو شــارەزورو هــەورامان , کــە بەرهەڵستکاریەکی گەورە بەرامبەر ئەو هێزە کراوە , بۆ جاری یەکەم زۆربەتوندی ئەو هێزانــەی ئیسلامیان شکاندووە ودواترهێزێکی بەهێزتروگــەورەتربە ڕێکراوە بــە ســەرکردایەتی (ئــەبو عبیدەی ئەنسار ـ عبدللەی کوڕی عمر) , لە ئەنجام دا ئەبوعبیدە لە پشت هەڵەبجەوە شــەهید دەکرێ , کە ئێستا لە دێی عەبابەیلێ یە , گۆڕەکەی ئێستا هەر لەوێ یەو خــەڵکی بــۆ زیــارەت ڕووی تێدەکەن وەک پیاوێکی پیرۆزو گەورەی ئاینی ئیسلام .ئەم نووسراوانە ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەم هێزانە چۆن دەستیان داوەتە تاڵانی و بردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کە بــە شــێوەیی (غەزا) لە قەڵەم دراوە. لەگەڵ ڕوخاندنی جێگا پیرۆزو گەورەکانی ئەوسای ئــاینی زەردەشــتی و دڕاندن و سوتاندنی ئەو کتێب و نووسراوانەی کە پەیوەندیان بــە مێــژوو بــاری ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەم ناوچەیەوە هەبووە , ئەگەر بێتو زۆر بەوردی لە دیمەن و جیاو دێهات و سەوزایی و ئاوی سازگاری ئەم ناوچەیە بڕوانین , زۆر شــتمان بــۆ دێتــە پــێش لــە گــەورەی پەروەردگار کە ئەم بەهەشتەی بە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەخشیوە .

وەک مامۆستایی هۆنراوەی وەسف و جوانی گۆرانی هەڵکەوتوو , باسی جوانی و سروشتی ئەم ناوچەیە دەکات و دەڵێ .................

دێ لەناو دۆڵی پێچو پەنایە

خانو لە قەدپاڵ کەژوکێوایە

ئاودارنوو پڕ خۆشیو هەرایە

کام بەربەرۆچکەی بەرزو سەفایە

چەشنی دڵــێ شــاد دێ یە ئــاوایە

بەم شێوەیە مامۆستا گۆران لەسەر وەسفی جوانی ئەم ناوچەیە بەردەوام دەبێت و بەشێوەیەکی وەستایانە سروشت و ساکاری هەورامان دەخاتە پێش چاوی ئەوانەی ئەم ناوچەیان نەیوە .

سەرەڕای ئەوەی هەمیشە دەرگای سەیرانگاکانی والابوون و پەیتا پەیتا لەعێراق و ئێرانەوە خەڵکی ڕوویان تێ کردووە , بەهەمان شێوە لە ئارامی و هێمنی و خۆشبەختی یەوە وەک هەڵەبجەی خوشکی هەمیشەیی بەش مەینەت و خەموپەژارەو ئاوارەیی بووە , سەرەڕای کۆسپەکانی خۆیی و هەژاری دانیشتوانی کەتەنها دەرگای پەیداکردنی نانیان گەڕاوەتەوە بۆ بەروبوومە درەختیانەی کە خۆیان لەگەڵی ماندوو کردووەو ئەوکارە دەستیانەی کەبۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیان دروستیان کردوون و یان ئەو کشتوکاڵەی کەبۆیان کرابێ و , لەهەمان کات دا خۆیان بە بازرگانیشەوە خەریک کردووە .

ناوچەکانی هەورامان بەپێ ی دۆخەجۆراو جۆرەکانی کوردستان هەمیشە لەشەڕو هەرا بێ بەش نەبوون . لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئەم ناوچەیە گەلێک شۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەرو هەمیشە لە چیاکانیانەوە دەنگی یەکەم فیشەکی بەرپابوونی شۆڕشەکان بەرزبووەتەوە .

ئەگەر بێتو وردە گەڕانێک بە ناو دانیشتوانی ئەو چەند دێهاتەی کە دەکەونە سنوری قەزای هەڵەبجەوە بکەین , چەندین شۆڕشگێڕو قارەمانی تێدایە کەهەموو تەمەنیان لەو پێناوەدا سەرف کردووە و چەندین لەوانەش بوونەتە قۆچی قوربانی و چەندین لەوانەش تائێستا لەڕیزی شۆڕشەکاندا خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی خۆیان دەکەن .

تەنها دێی بیارە لەسەر هەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان زیاتر لە 80 لاو پێشمەرگە بوون و لە چیاکانی هەورامان خەباتیان دەکرد , بەهەمان شێوە تەوێڵەو دێهاتەکانی دی بەو شێوەیە ڕۆڵەکانیان لە هەوڵی شۆڕش و خەبات و تێکۆشاندا بوون , دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەمووکات پێویستیان بە کەس نەبووە بگرە لەلایەن ئەمانەوە زۆر لە پێویستیەکانی ژیان بۆ مرۆڤ دروست کراون و بڵاوکراونەتەوەو فرۆشراون , ئەمەش وای کردبوو کە سەردەمانێک ئەم ناوچەیە وەک مەڵبەندێکی بەرهەم هێنەری گەورە بوو لە دروست کردنی (ڕانک و چۆخە – شاڵ – کڵاشی هەورامی – پێڵاو – فەرەنجی – یەشماخ – کڵاوی خوری – لفکەو گوێرەوەی – چەقۆ – شانە – تەشی – خەنجەر – کەوچک و قاپ لە دار – لباد – سەبەتە و هەموو ئەو پێداویستیانەیکە بۆ ناوماڵ بەکاردێن – هەروەها قوماش بۆ پشتوێن و

بەکارهێنانی بۆ بەستنی سەر ئەوە لەڕوانگەی پێداویستی ژیان و لەهەمان کات دا بەهۆی بەپیتی خاک و چیاکانی دیسان لەم ڕووەشەوە ئەم ناوچەیە ناسراوە بەم بەروبوومانە ....( گوێز – هەنار – هەنجیر – هەڵوژە – سێو – قۆخ – قەیسی – توو – چوالە – بەهێ – گوێژ – بەڕو – بەڵاڵوک – هەرمێ – لەگەڵ دروست کردنی بنێشت و پاشان ڕواندنی چنار بۆ سوود وەرگرتن لە دارەکەی بۆ دروست کردنی خانووبەرە , لە ڕووی ئەدەبیاتیشەوە گەلێک زاناو نووسەرو خاوەن فکرو شاعیری تێدا هەڵکەوتوون , سەردەمانێک کە لە ساڵەکانی 1328 ی هیجری چەند نووسراوێک دۆزراونەتەوە کەئەو نووسراوانە بەشێوە زمانی هەورامی کۆن نووسراون , کە لە 88 ساڵ پێش زاینیدا نووسراون .

ئەو شاعیرە بەرزانەی کەهۆنراوەکانیان بە شێوەی هەورامی ووتووە یان بۆ خۆیان خەڵکی ئــەم ناوچەیەبوون و بەجوانی وبەژن و باڵای کیژان و سروشتی ئەم ناوچەیەیان دا هەڵداوەو وەسفیان کردووە .
لەوانە ...... مەولەوی ــ سەیدی هەورامی ــ بێسارانی ــ مەلا خدری ڕواری ــ میرزا شــەفیع ــ عبدللە بەگی هەورامان ــ میرزا عبدالقادری تەوێلــەیی ــ ئــایت للە مــەردۆخی ــ حەمەکــەریم هەورامی ــ میرزا عبدالقادری پاوەی ــ مەولاناخالید وچەندکەســانێکــی تری خاوەن فکرو زانست کە پێشڕەوایەتــی ئەدەب و وێژەو ڕۆشنبیریان لەناوچەکەدا کردووە .
ئەگەر بمانەوێ بەوردی و بەشێوەیەکی تایبەتی کاتی خۆمان بــۆ دیــاری کردنــی خاســیەت و گەورەیی ناوچەی هەورامان و دوان لەسەر پیاوانی سیاسی و ئاینی و خاوەن فکرو ڕۆشــنبیری ، دیسان دەبێ کاتێکی تەواو سەربەتی بۆ تەرخان بکرێت و تەنها ئەم باسە خۆیی لــە دووتــۆیی کتێبێکی گەورەو بەپێزدا بینێتەوە .ئەوەندەی گرنگ بێت کورتە پیداچوونەوەیەکمان لەسەر ئەم کردووە , بۆ ئەوەی ڕۆڵی خەڵکانی ناوچەی هەورامان لە یاد نەکرێت .
چونکە بەبەردەوامی لەهەموو نەهامەتی و مەینەتیەکاندا هاوبەشی و شەریکی خەمی هەڵەبجەی شەهید بووە , هەموو کاتێکیش دانیشتوانی هەورامان قوربانی بوون لە هەموو مەرگەساتەکاندا .

# کارەساتی کیمیاباران

کاتێک لە ڕۆژی ڕوداوە دڵتەزێنەکەی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهید دەدوێین , خورپەیەکی گریاناوی بەدڵماندا کسپەدەکات و ئەو ڕۆژە ڕەشەمان دێنێتەوە یادو , دەمانخاتەوە نێوگێژاوی مەرگەساتی ئەو ڕۆژانە .

کات ژمێر 8ی ئێوارەی ڕۆژی 1988/3/15 کە هێرشی ئێران دەستی پێکرد. هێزە بەرهەڵستکارە کوردستانیەکان هاوبەشیان لەم هێرشەدا نەکرد , بەڵام بە پێچەوانەوە هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکان بەشداریان کرد . هەرچەندە لایەنە کوردیەکان پێش وەخت ناڕەزایی خۆیان بەو هێرشە دەربڕی , بەڵام ئێران بەڕاشکاوی ئاگاداری هەموو لایەکی کرد کەئەوە بڕیارەو دەبێ ئەو هێرشە بەئەنجام بگەیەنرێ , ئەگەر لایەنە کوردیەکانیش بەشدار نەبن . هەر بۆیە دوای دانیشتنی هەموو لایەنەکان و بڕیاری ئەوە وەرگیرا ئەگەر بەشداری بکەن و نەکەن ... ئەو هێرشە هەر دەبێت , پاشان ئەگەر ڕۆڵی لایەنەکان لە پاراستن و ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە بێت باشترە لەوەی دوورە پەرێزبن و ئەو خەڵکە بێ دەسەڵاتە بکەوێتە بەرهێرشی دڕندانەی دوو زل هێزی دووژمن بەگەلی کورد .

بەتایبەتیش پاراستنی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە هەموو دەست درێژیەکی هێزەکانی ئێرانی و دورخستنەوەی دانیشتوان لە کوشتن و بڕین , هەرچەندە ئەو کات بەرەی کوردستانی لە ئارادابوو , بۆیە هێزەکان دابەش کران بەسەر ناوچەکانداو بەتایبەتی پارتی و یەکێتی , کە پارتی دیموکراتی کوردستان وحزبی سۆسیالیست ناوچەکانی هەورامان و خورماڵ و سیروانیان لە ئەستۆ گرت و هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوە ناوچەکانی هەڵەبجەو هاوارو دەوروبەری لە ئەستۆی ئەوان نرا ...

هەرچەندە دواتر بەشێوەیەکی بەرفراوانتر باس لەسەر ڕۆڵی لایەنەکان و دەوری کاریگەریان لەم ڕووداوەدا دەکەین , ئەو هێزانەی کەهێرش بەربوون لەسنورەکانی (مەریوان ـ پاوە ـ خوارووی دەربەندیخان) ڕوویان لە هەڵەبجە ناوو , ئەو هێزانەی کە گەیشتنە خورماڵ بەرەو ئەو ڕێگا ستراتیژیەی کە سلێمانی و هەڵەبجە بەیەکەوە دەبەستێت , کە ئەویش پردەکەی (زەڵمە) لەسیروان , دوای گرتنی ئەو پردەو تەقاندنەوەی , ڕێگایان لەو هێزە شێواوەی حکومەتی عێراقی گرت , لەوەی کە بتوانن ڕابکەن یان هاوکاریان پێ بگات . کەواتە ئەم دۆخە ناچاری کردن کە زۆر بەئاسانی خۆیان بدەن بەدەستەوە , کەڕێژەیان زیاتر لە (5) هەزار سەرباز دەبوو .

بەم پێیە شاری هەڵەبجە گیرا , بەبێ ئەوەی بەرهەڵستکاریەکی ئەو تۆ هەبێت و لەگیراوەکان (علی حسێن عبید) بەرپرسی لیوای 42 ی موشات , کەسەرپەرشتی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1987ی دەکرد لەڕۆژی 3/16 هێمنی و ئارامی و خۆش بەختی ئاسمانی ئەم شارە دێرینە شۆڕشگێڕەی گرتەوە , بەڵام بوونی ئەو ئەزمونە کۆنەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ڕژێمەکان , دڵنیابوون لەوەی کە ڕژێمی عێراقی بەوشێوەیە بێ دەنگ نابێت و تۆڵەی

خۆیی دەسەنیٚ , بەڵام لەو بڕوایەدا بوون , لەوانەیە بەتۆپ یان ڕاجیمـە و فڕۆکـەکانی تـۆپ بارانی شار بکات , وەیان هەرنەبیٚ بەموشەکی گەورە و دورهاویٚژ .
کات گەیشتە 10:40 ی سەر لەبەیانی هیٚمنی هەر بەردەوامە و خەڵکی وەک جـاران ڕویـان لـە بازاڕەکانی خۆیان و کاروکاسپیان ناوە و ژیانی ڕۆژانـەی ئاسـایی یـان وردە وردە دەسـتی پـیٚ کردوەوە , بەجۆریٚک هیٚندە دانیشتوانی ئەم شارە ئاشنای تۆپ باران و شەڕبوو بوون , دووبارە بوونەوەی ئەم دۆخانە بەلایانەوە هیٚندە گران نەبوو , بەڵام ئەوەش لەیادنەکەین ئەوانەی ئەم سنورەیان لە ئەستۆ بوو ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە هیٚورکردنەوەی ئەو خەڵکە و دامرکاندنەوەیان لە جیٚگای خۆیان و هاندانیان بەوەی کەشار ئازادکراوە و دەتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان بەبیٚ ترس بەڕیٚوەبەرن .
بەڵام ئەو هەوای ئازادیە هیٚندەی نەبرد و دوای چەند سەعاتیٚک ڕق و کینەی فڕۆکـەکانی ڕژیـم ئاگریان بەسەر ئاسمانی ئەم شارەدا باراند و شاریان بەلیٚزمە دەدایە بەر ناپاڵم و موشـەکی ویٚرانکاری کەپیٚش وەخت دەستیان کرد بە بۆمباران کردنـی گـەڕەکی سـەرا , چونکـە هـەموو دامودەزگاکا گرنگەکانی خۆیان لەو سنورەدابوون بەمەبەستی ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بەردەست نەکەون و هەموویان لەناو ببریٚن .
دوای تەواو بوون لەو ئەرکە , ئەو کات ڕوویان کردە گەڕەکانی دی بەشیٚوەیەکی دڕندانە کەوتنە بۆمبارانی خانوو بە خانوو تا دەڕوخیٚنرا و کاول دەبوو پاشان دەسوتیٚنرا , فڕۆکە هیٚرش بـەرەکان ماوەیان نەدەدا خەڵکی هـەڵبیٚن, ئـەم هیٚرشـە کـۆتایـی نەهـات بوو چەند فڕۆکەیەکی دی خۆیان دەهاویٚشـتەوەسەر ئاسـمانـی شـارو بۆردومانیخۆیان بەبیٚ هیٚچ بەرهەڵسـتیکردنیٚک دەکرد و لەگەڵ ئەوهیٚرشانەشدا زوو زوو پەلاماری دیوی ناو ئیٚرانیشـیان دەدا , چەنـد جاریٚـک هەڵیان کوتایە سەر ئۆردوگای دەربەند دزلی و بارام ئاوا کـە چەنـدین مـاڵ لـەو هیٚرشـانەدا بەرکەوتن .
بەم شیٚوەیە ئەم کارە دڕندانەیە بەردەوام بوو بەبیٚ وەستان تا کات ژمیٚر 2ی دوای نیـوەڕۆ, ئەوەی لەم هیٚرشەداکوژراو, بریندار بوو, ئەوەی توانی هەبوو ڕابکات ڕووی لە دەوروبەری شار کرد , ئەوەشی بە بیٚ دەستەڵات و خاوەن سـەیارە نـەبوو و نـەی تـوانی هـەڵبیٚت لـە ژیٚـر زەمینەکانی کە پیٚش وەخت لەبەر تۆپ باران کردنی تۆپەکانی ئیٚران دروست کران بوون , بوونـە پەناگایان و ئەویٚدا خۆیان دەشاردەوە , بەو هیوایە بوون کە ئەم هیٚرشانە دوا تۆڵەی دەزگاکانی ڕژیٚم بیٚت و دۆخی شارەکەیان ئاسایی و هیٚمنی بەخۆیەوە بگریٚتەوە .
کات ژمیٚر 3ی پاش نیوەڕۆ فڕۆکە ڕەشاو هیٚنـەرەکان ئاسمـانی هەڵەبجـەیان بەچەنـدین گـازی خنکیٚنەر و سیانید و خەردەل و گازی کوشندەو دەمارگیری و سوتیٚنەریان گرتەوە , هەوای شاریان ڕەش و تاریک و دووکەڵاوی کرد , کە بۆنی سیرو خەیارو گیا و سەوزەی تازەو چەنـدین میوەیـان بڵاوکردەوە , لە خەڵکی وایە بەهۆی ئەو تۆپ بارانەوەیە کە دارو درەخـتـەکـان سـوتیٚنراون بـەڵام هـیٚندەی نـەبـرد هـەسـت بەتەنگەنەفەسـی وقـوڕگ گـیران وسـوتانی لـەش وچـاوسـوربوون وکـویٚربوون و پاشـان لـە هۆش چوون . لەم ویٚنەیەدا دەبینین چۆن خیٚزانیٚـک

پـــێکەوە لـــە حەوشـــەی ماڵەکەیانـــدا گیانیـــان لەدەســـت دەدەن و دەبنـــە قوربانیخواستەگڵاوەکانیڕژێم .
ئەو گازانەی لەم هێرشەدا بەکارهاتوون ئەمانەی لای خوارەوەن ...

1. گازی خنکێنەر (فوزوجین) ...... گازێکی بێ ڕەنگە و بۆنی گیا و سەوزەی تـازەی لـێ دێت و ماوەی کارتێ کردنی زۆر بەزووی دەبێت , لەگەڵ بوونی ئەم نیشانانە }کۆکـە ـ حاڵەتی ڕشانەوە ـ ژانە سەر ـ هەناسەی کورت ـ سوتانەوەی بۆریەکانی هەناسە{.
2. گازی خوێن (سیانید ـ ئیدرۆژین ـ کلوراید ـ سیانۆژین)... بۆنی بادەمی تـاڵی لـێ دێت و نیشانەکانی }ژانەسەر ـ گێژبوون ـ زیادبوونی هەناسەو لێدانی دڵ ـ سوربونی لێووڕومەت{ .
3. پورکێ هێنەر (خەردەل ـ ئەرسینگەکان ـ گازەکانی پیوەدەر) .. گازێکی ووشکەو بۆنی سیری لێ دێت , کارتێ کردنی درێژ خایەنە دوای 2سەعات پێستی لەش سور دەبێـت و دوای دوو ڕۆژ پێست پۆرکێ هەڵئە هێنێ و پاشان دەبێتە برین .
4. ئەعساب (سارین ـ سومان) ...... گازێکی ئاوەگی یە , بـۆنی شـێوەی میوەیـە , ئەگەر خاڵس بێت بۆنی نی یە , کارتـێ کردنـی درێـژ خایەنـە , نیشـانەکانی }هاتنـە خوارەوەی ئاو لەدەم و لووت وچاوـ چاو لەوور بوون ئەچێت ـ ژانەسـەر ـ میزکردنـی لائیرادی ـ حاڵەتی ڕشانەوە{ .

ئەوەش باس دەکرا و دەگێڕدرایەوە لەوەی ڕۆژی کۆتایی بوونی ئەم دونیایە دەبێ چۆن بێت , لەوەی کە دایک وباوک منداڵی باوەش بوویان بەجێ دێڵن و لێ ی ناپرسنەوە بەوپێ یەی کەخۆیان رزگاریان بێت . تێک ئاڵانی ئەو وەزعیەتە گەیشتە ڕادەیەک کەس ئاگای لە کەس نەماو خەڵکی ڕژانە نێو کۆڵان و جادەکان بەسەرلێ شێواوی نازانن ڕووله کوێ بنێن و باری دەرونیان سات لەدوای سات ڕووله خراپتربوون دەنێت , وا خەریکە بەچاوی خۆیان کۆتاییئەم دونیایە دەبینن بەبێ ئەوەی کەسێکیش هەبێ دەستی هانایان بۆ درێژ بکات و لەو دۆزەخە ڕاستیە ڕزگاریان بکات .
ئەوانەش کەتوانیان ڕووله بەرزایەکان بکەن و بچنە دەورووبەری هەڵەبجە, دیسـان فرۆکـەکـان لـەوێش بـەدوایانەوە بـــوون , وەک ئیزرائیـل تـالــەوێش گیانیـان ڕابکێشـن و لـەوێش دەستیان کــرد بـــەوەشـانــدنــی کـــاز.
بەتایبەتیلەعەنەب و دەوروبەری , عەبابەیلێ و چواردەوری هەڵەبجە و پاشان ئەحمـد ئـاوا .
ئەگەر سەرنجی وێنەکانی ئەو کارەساتە بدەین هەست بەوە دەکەین کەئەو خەڵکە بـێ تاوانـە چۆن بوونەتە قوربانی نیازە گڵاوەکانی داگیرکەران و بوونەتە پردو دوژمنـانی گەلەکـەمان بـۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی یەکانی خۆیان و گەیشتن بەمەرامـە دێرینـە بۆگەنـەکانیان بەسەر ئەم خەڵکە بەش مەینەتەدا دەپەڕنەوە , بەبێ ئەوەی کەمێک ویژدانی نوسـتویان بـۆ چەند ساتێک بەخەبەر بێتەوە و ئەم ڕووداوانە بەچاوی خۆیان ببینن ئـەو خێزانـانە چۆن بـەو شـێوەیـە لـەسـوچێکـی ماڵەکەیاندا ئەو منداڵانە لە دایکیان کۆبونەتـەوە و هانایـان بـۆ بردووە , بەڵکو لەو نەهامەتی و مەرگەساتە ڕزگاریان بکات ,بەڵام ئەو مـەرگەسـاتە لـەهێزو

توانایی دایکیان گـەورەترو بـەهێز تـرە, لەگـەڵ ئـەوانیش دایکیـان گیـانی لەدەسـتداوە .
لەوسەردەمانەش دا زۆر لەو دەوڵەتە عەرەبیەکان کەئێستا خۆیان کردوەتە پیاو چاک , دۆسـتی کورد و دوژمنی ڕژێمی عێراقی , بەڵام ئەوکات پیاوی دەستەڕاستی ڕژێم بوون و دانیان بـەوەدا نەدەنا کەڕژێم بەو کارە نامرۆڤانەیە هەستابێ و تاوانەکەیان دەخستە پاڵ ئێران . دیمەنی ئەو مەرگەساتە بەشێوەیەکی وابوو کەکەسێک نەی دەتوانی بەبێ گریـان سـەیری بکـات , ئـەو هەموو لاشە کەوتوانەی کەجیاوازیان تێ دانەکرابوو لە منداڵ و ئافرەت و پیروپـەکەوتە و لاو , لەوانەی تاوانبار بوون و لەوانەی بێ تاوان بوون . سەرشۆسـتەو کۆڵانـەکان ڕێگـای پـیادەو ڕۆیشتن نەدەبوو, نەت دەزانی لە دەرگایی کێ بدەیت ...؟ پرسیار لە کێ بکەیت ...؟ و کێ ئەم ڕووداوەت بۆ بگێڕێتەوە و پاشان سەرەخۆشی لە کێ بکەیت ...؟ .
هێندەی بۆت دەکرا لە قوڵپەی گریان وشین و واوەیلا و هاوار بدەیت و دەستەو ئـەژنۆ بـەدیار لاشەکانەوە چۆکدابدەیت . لەم وێنەیەدا باوکێـک چـۆن لاشـەی ڕۆڵـەکانی لـە یـەکێک لـە کۆڵانەکانیشاردا دەدۆزێتەوەو وەک شـێت دەچێتە سـەریان وبەوشێوەیە دەیان بینێ ...

## هەڵوێستی لایەنەکان و

### ڕۆڵیان لە ڕوودانی ئەم کارەساتەدا

پێش وەخت و پێش ڕوودانی ئەم کارەساتەوبەماوەیەکی زۆریش لەوەوپێش بەهۆی ئەو خۆئامادەکردنەی هێزەکانی ئێرانی بەوشێوەگەورەیە هەست دەکرا کە ئێران بەنیازی هێرشێکی وابەرفراوانەودواتر ئێران داوای لە هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردی کرد کە بەشداری لەو هێرشەدا بکەن, بەڵام لایەنە کوردیەکان بەوشێوەیە ڕازی نەبوون , هەرچەندە ئێران ڕای لایەنەسیاسیە کوردیەکانی بەلاوەگرنگ نەبوو, چونکە بڕیاری ئەم هێرشە وەرگیرابوو و دەبوو بکرایە , کەواتە لێرەدا دەبێ ئەو هێزو لایەنەسیاسیانە چ هەڵوێستێک وەرگرن , بێ گومان دواجار گەیشتە ئەوەی دەبێ هێزەکانی پێشمەرگە تەنها لە ڕزگارکردن و هاوکاری کردنی خەڵکی ناوچەکە هیچ ئەرکێکی کەیان نەبێت , بەم پێ یە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەو بەرپرسیارانەی ئەوکاتی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک (بەرپرسی ئەوکاتی لقی 4 هەڤاڵ حەمیدە فەندی ـ هەڤاڵ نادر هەورامی ـ هەڤاڵ شێخ جعفر مستەفا ـ هەڤاڵ دیاری حسین بەگ ) و چەند هەڤاڵ و بەرپرسێکی تری هێزەکانی پێشمەرگە , کەپوختەی ئەم باسە کۆکراوەیە ...... لێرەدا هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتە ئەو بڕیارەی بەڵێ دەبێ هاوکاری و ڕزگارکردنی دانیشوانی ئەم ناوچەیە لەم هێرشە دڕندانەی کە ئێران بەنیازەو لەو پێک دادانەی هەردوو هێزە زل هێزەکان لەناوچەکەدا .

لە 3/12 دا بەتەواوی دەرکەوت کەئێران نیازی گرتنی هەڵەبجەی هەیە , هێزەکانی پێشمەرگە و بەتایبەت (پ.د.ک) و(ی.ن.ک) کوە ئەو کات زیاتر لەساڵێک بوو لەژێر سایەی بەرەی کوردستانی دا پێکەوەبوون , کەواتە ئەوکات ئاشت بوونەوەی گشتی لە ئارادابوو , هەموو لایەنەکان(حزبی شویعی ـ حزبی سۆسیالستی کوردستان ـ بزوتنەوەی ئیسلامی ـ پارتی گەل) پێکەوە چەند جارێک گفتوگۆیان لەسەر ئەم بارودۆخە کرد , دواجار گەیشتنە ئەو ڕایەی کە بەرەکانی شەر دابەش بکرێن , هەڵبەتە زیاتر ئەوە خواستی یەکێتی بوو بەوەی کەپارتی لە سنوری هەڵەبجەوە نەچێتە ناوەوە. پارتی بەلایەوە گرنگ نەبوو لەهەرلایەکەوە بێت , گرنگ ئەوەیە بتوانرێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکرێت , بۆیە خواستی یەکێتی قبوڵ بووو سنوری هەڵەبجە خرایە ئەستۆی یەکێتی وبزوتنەوە, پارتی لە چیاکانی مڵەخورد بەرەو ئەحمەدئاوا و خورماڵ و سیروان بێ گومان هێزەکانی سوسیالیستیش لەسنوری پارتی دابوون ... بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی لەم ڕێگایەدا ڕوو بەڕووی بەربەستی سوپای ئێرانی بوون و ڕێگایان نەدا بۆ چونە خوارەوەی هێزی پێشمەرگە , ئەم بەربەستە قبوڵ نەکراو بووە شەڕوچەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندار بوون , لەوانە کاک (فازڵ بەشـــارەتی) بریندار بـــوولـــەوشەڕەدا لـــەگەڵ سوپای ئێرانـــی , هـــەرچـــۆن بـــوو هێزەکـــانـــی لـــەشـــکری شۆڕشگێڕی کوردستان چونە خورماڵ و ڕویان کردە سیروان و دەستیان دایە بانگەواز بەکۆڵانەکاندا بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی لەوەی کە دەبێ

دەربازبن , بۆ یەکەم جار ئەو خەڵکە لەدەرچون دەترسان و دواتر کەهەستیان کرد ئەوە پێشمەرگەن , ئەوکات لەژێرخانەکان هاتنەدەرێ , بەڵام نەیان دەویست لەشار دەربچن , کاتێک دەنگی تۆپ بارانی هەڵەبجە گەیشت و هەواڵی کیمیاباران بڵاوبووەوە ئەوکات دانیشتوانی سیروان و دەوروبەری خورماڵ بەهاوکاری پێشمەرگە کەوتنە دەرچون لەشارو ڕویان کردە ئەحمەدئاوا و لەوێش فرۆکەکانی ڕژێم پێ ڕاگەیشتن و ئەوێشیان گازباران کرد , بەڵام خۆشبەختانە بەهۆی هەڵکەوتنی ئەوناوچەیەوە بەشاخ و ئاووهەواکەیەوە بەوشێوەیە کیمیاباران کاریگەری نەبوو , لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە ئەو خەڵکەی زۆر ماندوو کرد .

ئەوسنورەی کەپارتی لە ئەستۆی نابوو بەزیانێکی کەم و بێ شەڕ ئەو خەڵکەی ڕزگارکرد , ئەو هێزە هەڵوەشاوەی عێراق زۆریان دەزگیرکران و چەند وردە شەڕێکیش بوو, بۆ جاری دووەم لەکاتی ڕزگارکردنی دانیشتوانی سیروان نێوان هێزەکانی ئێران و پێشمەرگەکانی پارتی شەڕو پێکدادان بووەوە , هەروەها لەسنوری هانەنەوە وشیرەمەڕ چەند مەفرەزەیەکی (پ.د.ک) بەسەرپەرشتی کاک (حەمەی حەمە سەعید) خۆیان گەیاندە هەڵەبجە و ئەوانیش توانیان ئەوەندەی بۆیان کرا لە ڕزگارکردنی درێغیان نەکرد و لەڕێگای ئەوانیشەوە زوو زوو هەواڵ دەدرایە هەڤاڵانی دی کەکاک (نادر هەورامی ــ علی تۆفیق) کە لەوانیشەوە بەزووی هەواڵەکان ڕەوانەی قیادەی لقی 4 و پاشان بەڕێز کاک مەسعود بارزانی لەهەموو جموجوڵەکان ئاگادارەدەکرا . لەسنوری هێزەکانی یەکێتی دا بۆ یەکەم جار لەلایەن ئەو بەرپرسانەوە ڕێگا لەو خەڵکە گیرا بۆ دەربازبوون بەو نیازەی واشارێک لە کوردستان ئازاد بوو وەدەبێ دانیشتوانی ژیانی ئاسایی خۆیان بەسەربەرن , بەڵام دواتر کە هێرش و تۆپ بارانی فرۆکەکان دەستی پێکرد ئەوکات ڕێگا درایە خەڵکی بۆ دەربازبوون , بەڵام دوای چی کاتێک بواری ڕزگاربوون هەبوو ڕێگا نەدەدرا وئێستا بواری دەرچوون نیە , ڕێگا والایە ...!!!

بەرچاوترین نمونەش کوشتنی (توفیقی کارەبا) یە , دەبێ ئەو تاوانە لەئەستۆی کێ بێ ...؟ کاتێک ئەم هاوڵاتیە ویستی بەوسەیارەی کەپێی بوو لەگەڵ ماڵ ومناڵی دەربچێ , بەڵام ڕێگای پێ گیراو لەبەر سەیارەکەی ماوەی نەدرا گیانی ئەو منداڵانەی ڕزگاربکات , دوای ئیهانەیەکی زۆر سەیارەکەی لێ دەسەندرێ ... ئەویش بڕیاری ئەوە دەدات لەگەڵ ماڵ و منداڵی بمێنێتەوە , هەندێکیش دەگێڕنەوە کەهەرلەو گێرەو کێشەیەدا کوژراوە . گومان لەوەدانیە ئەوە پاداشتی هەموو کەسێکی خزمەت گوزارودڵسۆزە بەنیشتمان و شارەکەی خۆیی , ئەگەر بێت و پرسیار لەخەڵکی هەڵەبجە بکەین و بپرسین کە (توفیقی کارەبا) کێبوو ...؟ وەڵامیان ئەوە کە ئەم شەهیدە بەرزە ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی شارەکەی بوو , هەمووکاتی خۆیی بۆ خزمەتی دانیشتوانی ئەم شارە تەرخان کردبوو , دڵسۆزو بەپەرۆش بوو بۆ شارەکەی, جێ دەستیکارەپیرۆزەکانی دیاربوو لە شارەکەداو لەلایەن خەڵکیەوەزۆرخۆشەویست بوو, ئەوە پاداشتی چاکەیی بووکە درایەوە . کەواتە دانیشتوانی ئەم شارە حەقیخۆیانە ئەگەر بپرسن ئەوانەی کە تاوان بارن کێن ...؟

# ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجە و

## ژیانی ئۆردوگاکان

هێندەی لەژیانی ئاوارەیی و کۆسپ و کێشەو تەگەرەکانی ئەم خەڵکە بە ئاوارەبوونەوە بدوێن , پێم وایە کەم بێت ونەتوانین ئەو ئێش و ئازارە سەختانەی دڵی ئاوارەبووەکان بخەینە پێش چاوو, کارێک بکرێت ئەوانەی ژیانی ئاوارەیی و ئازارەکانیان نەچەشتووە , بەهەمان شێوە هەستی پێبکەن, ئەوەش کەمێک سەختە و هێندە ئاسان نیە , چونکە کەسانی ئازارچەشتوو بۆ خۆیان دەزانن چەندە ئەو ئازارە بەژام و بەسۆیە .

هەڵەبجە وەک ووتمان, شارێکی شۆڕشگێڕو لەگەڵ ئەوەشدا شارێکی سەرسنوری یەو بەبەردەوامی ڕووبەڕووی شەڕو مەرگەسات بووەتەوە و لە هەموو دۆخەکانیشدا دانیشتوانی لە ئاوارەبوون بێبەش نەبوون , ئەوەندەش خۆمان دوورنەخەینەوە لەژیانی ئەو خەڵکە و باسەکانمان لە ساڵانی 1987بۆ 1988 کە دوو جار دانیشتوانی هەڵەبجەو دەوروبەری ئاوارەبوون , ئەویش سەرەڕای ساڵانی شۆڕشی ئەیلول و ڕاگوێزانە زۆرە ملێکەی ڕژێم کە هەموو دێهاتەکانی کوردستانی گرتەوە , کە گەیشتە زیاتر لە پێنج هەزار دێ , دێهاتەکانی هەڵەبجەش بێ بەش نەبوون . بەڵام ئەو دوو ئاوارەبوونەی 87 بۆ 88 ژیانی نێو ئۆردوگاکان بووە لە ئێران . دوای ڕاپەڕینی 1987 کە زیاتر لە چەند هەزارێک لە خێزان و دانیشتوانی ناوچەکەڕویان لە شاخ ناو, ژیانی ئۆردوگاکانیان هەڵبژارد, دوای جێگرکردنی خێزانەکانیان ئەوانەی توانای چەک هەڵگرتنیان هەبوو لەڕیزەکانی شۆڕش بوونە پێشمەرگە . کە ئەوکات ئێمە یەکێک بووین لەو خێزانانەی ڕوومان کردە ئێران , لەپاش چەند مانگێک , واتە لەدوای ڕاپەڕینی مانگی پێنجی 1987 بوو کە بۆ زیاتر لەدەمانگ کارەساتی کیمیابارانی بەسەرداهات لە 1988/3/16 . لێرەدا ئەوانەی لەهەوڵی دەربازبووندا بوون لەمەرگ و دەیان ویست خۆیان منداڵەکانیان ڕزگاربکەن , ڕوو لەسنور کەوتنە ڕێ , بەهەرحاڵ و پەلەقاژەیەک بوو و بەنیوە مردووی چ بەهۆی هێزەکانی پێشمەرگەوە بێت یان هێزەکانی ئێران , یان ئەو خەڵکەی خاوەنی سەیارە بوو بەوهۆیەوە خۆیان دەربازکرد و لەوانەش هەبوو بەسەیارەشەوە نەیان توانی دەربازبن , بەگەیشتنی دەربازبووەکان بۆ سنورەکانی ئێران دوای ماوەیەک گوازرانەوە بۆ ناو ئێران , لەگەڵ ئەوەشدا ئێران بەهیچ شێوەیەک ئامادەنەبوو بۆ ئەم وەزعیەتە , هەرچەندە کوردەکانی ئێران بەگشتی دەورێکی مەردانەو باشیان هەبوو لەهاوکاری کردنی ئەو خەڵکە پەنابەرە , کەهەمیشە ئەو کارە کورد پەروەریەیان لەیاد ناکرێت .

لێرەدا دابڕانێک لەنێوان ئەو خەڵکەدا ڕووی دا ئەوانەی لەناو شاردا بەمردووی بەجێمان و ئەوانەشی بە نیوە مردووی هێزەکانی ئێران ڕەوانەی نەخۆشخانەکانیان کردن , لەگەڵ ئەوانەش کە بۆ خۆیان توانیویانە گیانیان ڕزگاربکەن وگەیشتونەتە سەر سنورەکان بەهیچ شێوەیەک هەواڵی دوای خۆیان نازانن واتە ئەوانەی لێیان بەجێماون بێئاگان لەهەواڵ و

دەنگوباسیان, کەواتە منداڵەکانیان , کەسوکاریان ودۆستانیان لەکوێن و چیان بەسەرهاتووە .........؟؟

لەم جۆرە ڕوداوانەدا مرۆڤ واهەست دەکات کەخەونە و بەهیوایە زوو بەزوو بەخەبەربێتــەوە , بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە ئەم ڕووداوە ڕاست نیە , واتە سەرلێ شێواندنێک کــە گــەلێک گرانــە بتوانی لەخۆت و دەوروبەرەکەت بگەیت و بزانی ئێستا لەچ قۆناغێکی ژیان دایت وپاشان بزانی پاشەڕۆژی بەرەو کوێ دەت بات ......کاتێک ئەو خەڵکە بەوشێوە مردویە گەیشتنە (نەوســود) بەپەلە حکومەتی ئێرانی دەستی دایە گواستنەوەی ئەو خەڵکە ڕاکردووە بۆ شارەکانی (پــاوە ــ هەرسین ــ سەنقور ــ کەنگاوەر) ئەمە لە ئوستانی کرماشان (پارێزگای کرماشان) و پاشان ئــەو خەڵکەکانەی لەدیوی ئەحمــەد ئــاواو مڵــەخوردەوە هاتبوونــە نــاوەوە ئــەوانیش ڕەوانــەی ئۆردوگاکانی (کامیاران ــ وەرمەهەنگ ــ هەزارخانی ــ شوێشە ــ دزڵی) کران, وەک ووتم ئێران بۆ هێرشە ئاوارەییە ئامادەنەبوو , ماوەیەک لەسنوری کرماشان دەستی نەدایە دروســت کردنــی ئۆردوگا و خەڵکەکە هەرچۆن بوو بەو شڵەژاویە برانــە قوتابخانەومزگــەوت وهەنــدێک لەوانــە ڕەوانەی (کرمان)

